# ڕاگەیاندنی ڕۆژنامە گەری

## سەبارەت بە ئە نجامی لێپێچینەوە لەکەمتەرخەمی پۆلیسی بەریتانیا
## لە پاراستنی ژیانی "بەناز محمود" دا



### ئایا دەرس وتەجرۆبەکان لە مەسەلەی کوشتنی بەنازدا کۆتایی دێنێ بەکەمتەرخەمیەکانی پۆلیسی بەریتانیا لەئاست وەڵامدانەوە بەژنانێك کەهەرەشەی کوشتنیان بەبەهانەی شەرەف لەسەرە ؟

ئەمرۆ میدیای رەسمیەیەکانی بەریتانیا ئەوەیان راگەیاند کە ڕاپۆرتێکی "لیژنەی سەربەخۆی لیکۆڵینەوەو چاودێری پۆلیس" ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بەو کەمتەرخەمیانەی کەلەکەیسی بەناز مەحموددا لەلایەن پۆلیسی بەریتانیاەوە پەیرەوی لێکراوە ئاشکراکرد. راپۆرتەکە ئەوەی سەلماندوە کەکارەساتی کوشتنی بەناز بەهۆی" دواخستنی کار, بێئاگایی لەکلتوری کوشتنی ناموسی, نا هەستیاری ونەبوونی چاودێری" لەلایەن پۆلیسەوە روویداوە. ئەمە وێرای چەندجاریك سەردانی بەناز بۆ لای پۆلیس و خستنەرووی کێشەکەی چەند مانگ بەر لە کوژرانی. لە ئەنجامی ئەم راپۆرتەدا هەشت ئەفسەری پۆلیس بەرەو رووی لێپێچینەوە دەبن کە دەوریان گێراوە لەکەمهێنانی پۆلیس لە پاراستنی گیانی بەنازدا .

کوشتنی بەناز لەلایەن باوك و مامیەوە کاریکی رێك خراوبووە، لەبەر ئەوەی حەزی لەپیاوێك کردوە کە ئەوان بەدڵیان نەبوە و باوەریان وابووە کەبەناز خێزانەکەیانی دووچاری شەرم وعەیبە کردوە.

بەناز لەپێش کوژرانیدا چوار جار پۆلیسی ئاگادارکردوە لەنیازی باوك ومامی بە کوشتنی وە هەروەها ناوی پێنج کەسی داوە بەپۆلیس کە پیلانی کوشتنەکەی دادەریژن.

بەناز کچێکی گەنج بوو کەلەبەریتانیا گەورەببوو، هوشیار بوو لەسەر سیستەمی کارکردنی بەریتانیا وهیچ کێشەیەکی زمانی نەبوو ، زۆر ئازایانە چەند جار چوو بوە لای پۆلیس، بۆلای ئەو دەزگایەی کە پیێ وابوو ژیانی دەپارێزن، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پۆلیس چەندجاریك کەمتەرخەمیان نواندووە لەوەڵامدانەوە بەم ئینسانە بێتاوانە کەژیانی لەبەردەم مەترسیدابووە.

سەرەنجام بەناز بەبێ پاریزگاریکردن بووە نیشانەیەکی ئاسان لەبەردەم پیلانی کوشتنەکەی و لەمارتی 2006 دا تەرمەکەی لەجانتایەکی سەفەردا دۆزرایەوە، کەلەباخی ماڵێکدا لەشاری بیرمنگهام نیژرابوو. هەروەها ئەنجامی لێکۆلینەوەکانی لەسەر لاشەکەی ئەوەیان سەلماندبوو کە بەناز بەرلەکوشتنەکەی دەستدرێژی جنسی کراوە تە سەرو ئازارو ئەشکەنجە دراوە و پاشان بکوژانی خنکاندوویانە.

بەناز تەنها قوربانی کەلتوری ناموس پەرستیو خێڵەکی خێزانەکەی نەبوو بەڵکو قوربانی نا هەستیاری و بێ مەسئولیەت نواندنی دەزگای پۆلیس و تێنەگەیشتنیان لەدیاردەی کوشتنی ژنان بەبەهانەی شەرەف بوو.

بە پیێ ئەنجامی لێپێچینەوەکە گەورەترین کەمتەرخەمی پۆلیس لەو رۆژەدا بوو کە بەناز فرسەتێکی رۆشنی خستەبەردەم دەزگاکانی پۆلیس تاپیلانی کوشتنی لەلایەن باوکیەوە بسەلمێنی، ئەو رۆژە هەوڵی یەکەمجاری باوکی بۆکوشتنی لە بەرواری 31 \12\2005 دا شکستی هێنا و بەناز رایکردبوو وە لەسەر قەرەویلەی نەخۆشخانە هەوڵی زۆری دا تا پۆلیس بروای پیێبکەن. بەڵام لەجیاتی ئەوە پۆلیس بەنازیان بە " کچێکی گەنجی سەرخۆش کەتەنها دەیەوێ سەرنجی کورە هاورێکەی رابکێشێ " لەقەلەم داوو لەجیاتی ئەوەی کە وەك " کەسێك کە لەژێر خەتەری کوشتنی نامەسیدایە" مامەلەی لەگەڵ بکەن!!.

رووداوی کوشتنی بەناز نزیکەی 4 سال بە دوای کوشتنی هێشوو عبدوڵلە دا دێت کەکەیسیك بوو بە تەواوی سەرنجی پۆلیسی بەریتانیای راکیشا ولەبەرامبەر دیاردەی کوشتنی ناموسیدا رای چڵەکاندن. هەربۆیە لەدوای کوژرانی هێشوو لە 2002 دا پۆلیس بەڵێنیدا کەئەندامانی دەزگاکەی مەشق

پێبکات و هەستیاریانبکاتەوە لەبەرامبەر تاوانەکانی کوشتنی ناموسی.  کەچی لەدوای چوارساڵ ،کەیسی کوشتنی بەناز گەورەترین سکانداڵی دەزگای پۆلیس دەخاتەبەردەم بۆ کەمتەرخەمیەکانی ئەم دەزگایە!.

راستیەکانی ئەنجامی لیژنەی لیکۆڵینەوە لەداهاتوودا ئەوە دەدەنە دەست ئێمە و هەرئینسانێك کەئیتر کەمتەرخەمی لەم شێوەیە لەلایەن دەزگاکانی پۆلیسی بەریتانیاوە نە جێگای پەسەند کردنە و نەمایەی تەحەمول کردنە وە نابێ  لەوەڵامدانەوە بەپێویستی ژنانێك کەژیانیان لەبەرخەتەری کوشتنی ناموسیدایە دووپات ببێتەوە.

  با ئەوەشمان بیر نەچێت کە بەسزاگەیاندنی تاوانبارانی کوشتنی بەناز تەواو نەبووە و هێشتا دووان لەتاوانباران  لەکوردستانی عێراقن. ئەوە لێپرسراوەتی دەزگای مودەعی عام وپۆلیسی بەریتانیایە کەبەزووترین کات پێویستی هێنانەوەی ئەم دوو تاوانبارە بۆ بەردەم دادگا لەبەریتانیا دابین بکەن،  تاسزای تاوانەکەیان وەرگرن.

رێکخراوی ژنانی پەنابەری کوردستان وسەنتەری رۆژهەلاتی ناوەراست بۆ مافەکانی ژنان هەموو هەوڵێکی خۆیان دەدەن بۆ پشتیوانی کردنی ژنانێك کەلەبەردەم هەرەشەی کوشتنی ناموسیدان. بە تەواوی تواناوە تیدەکۆشن بۆئەوەی ئەم ژنانە دەستیان رابگات بەهەموو خزمەتگوزاریەکی پێویست بۆ پاراستنیان لە توندوتیژی و کوشتن. هاوکات ئیمە هەوڵ دەدەین لەدوای ئەم تەجروبە تاڵەی کوشتنی بەناز ەوە  پۆلیس و دام ودەزگاکانی تری خزمەتگوزاری هەستیاربکەینەوە تا بەشێوەیەکی هەستیار و لێپرسراوەتی تەواو و بەئاگاییەوە یارمەتی و بە هانای ژنانێکەوە بچن  کە لەژێرمەترسیدان..

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە :

سەوسەن سەلیم
رێکخراوی ژنانی پەنابەری کوردستان
sawsansalim@yahoo.com
1027 0207263
07748851125

گۆنا سەعید
سەنتەری رۆژهەلاتی ناوەراست بۆ مافەکانی ژنان
gona_saed@yahoo.com
02077012206
07894292708